**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

پشت بە حوکمی برگەی (١) لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو و، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، و بەدەر لە حوکمەکانی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق لە دانیشتی ئاسایی ژمارە (٣)ی رۆژی ٢٠١٧/١٢/١٧ بریاری دەرچوواندنی ئەم یاسایەی دا:

## یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٧

## یاسای لێبوردنی گشتی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق

**ماددەی (١):**

**یەکەم:** لێبوردنی گشتی حوکمدراوان بەندی وسپێردراوان (النزلاء و المودوعون) و ڕاگیراوان (الموقوفون) دەگرێتەوە بەگوێرەی ئەو حوکمانەی لەم یاسایەدا هاتوون.

**دووەم:** ئەم لێبوردنە گشتییە بەرپرسیاریەتی شارستانی و بەرزەفتەکاری ناگرێتەوە.

**ماددەی (٢):**

**یەکەم:** سزای حوکمدراوان بە لە سێدارەدان لەسەر ئەو کێشانەی کە ئاشتەوایی تێدا ئەنجام دراوە یاخود ئەنجام دەدرێت لە نێوان لایەنەکان بۆ سزای بەندی کاتی (١٥) ساڵ کەم دەکرێتەوە و ماوەی گرتن و حوکمی پێشویان بۆ هەژمار دەکرێت، بەو مەرجەی ئاشتەوایەکە لە بەردەم ئەو لیژنەیە راستێنرابێت کە بەپێی ئەم یاسایە پێك دێت.

**دووەم:** ئەوانەی حوکمەکانی برگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە دەیانگرێتەوە سوودمەندنابن بە هیچ لێبوردن و سووککردنێکی تری حوکمەکانیان لە داهاتوودا.

**ماددەی (٣):**

**یەکەم:** لێبوردنی گشتی هەموو حوکمدراوان دەگرێتەوە بە بەندکراو و سپێردراوان لە فەرمانگەکانی چاکسازی کۆمەڵایەتی لە هەرێمدا کە لەلایەن دادگاکان دەرهەقیان دەرچووە لەو دۆسیانەی ئاشتەوایی کراوە یان دەکرێ لە نێوان لایەنەکان وە دەست بەجێ ئازاد دەکرێن، جگە لەو تاوانانەی کە لە حوکمەکانی ئەو یاسایە بە دەردەکرێن.

**دووەم:** ماوەی سزای حوکمدراوان بۆ بەندی بە ڕێژەی (٣٠٪) و بۆ سپێردراوان بە ڕێژەی (٤٠٪) لە فەرمانگەکانی چاکسازی کۆمەڵایەتی لە هەرێمدا کەم دەکرێتەوە لە کۆی ئەو ماوەیەی کە لە سزا ئەسڵیەکدا هاتووە و لەلایەن دادگاکان دەرهەقیان دەرچووە لەو دۆسیانەی ئاشتەوایی نەکراوە لە نێوان لایەنەکان و ئەو ماوەیەی کە کەمیش کراوەتەوە وەك ماوەی بەسەرچوو لە فەرمانگەکانی چاکسازی کۆمەڵایەتی بۆ مەبەستی ئازادکردنی مەرجدار هەژماردەکرێت.

**ماددەی (٤):**

حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ دەبێت لەسەر ئەو دۆسیانەی کە لە قۆناغی دادگاییکردندان لە هەموو ئەو تاوانانەی کە بەر لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم یاسایە ڕوویانداوە ئەگەر ئاشتەوایی لە نێوان لایەنەکان هەبێت، جگە لەو تاوانانەی لە حوکمەکانی ئەم یاسایە بەدەردەکرێن .

**ماددەی (٥):**

ئەو بەند و سپێردراوانەی لە حوکمەکانی ئەم یاسایە سوودمەند دەبن کە سوودیان لە حوکمەکانی یاسای ژمارە (٢) ی ساڵی ٢٠١٢ یاسای لێبوردنی گشتی وەرگرتووە یان هەر یاسا و بڕیارێك کە پێش ئەو دەرچووە و هەروەها بڕیارەکانی لێبوردنی تایبەت کە لە سەرۆکی هەرێمەوە دەرچووە کە ئاشتەواییان کردوە بە مەرجێك جارێکی تر لەسەر تاوانێکی بە ئەنقەست حوکم نەدرابێتەوە.

**ماددەی (٦):**

ئەو تاوانبارە هەڵاتووانەی حوكمی پاشملەیان بۆ دەرچووە لە دادگاكانی هەرێمی كوردستان، ئەگەر لە ماوەی (٤) چوار مانگ خۆیان بەدەستەوە بدەن لە حوكمەكانی ئەم یاسایە سوودمەند دەبن بەمەرجێك ڕێژەی ٣٥٪ حوكمەكەیان تەواو بكەن بەدەر لە ئەنجامدەرانی ئەو تاوانانەی كە بەپێ ی حوكمەكانی ئەم یاسایە بەدەر دەكرێن.

**ماددەی ( ٧ ):**

ئەو بەندی و سپێردراوانەی كە ماوەی حوكمەكەیان تەواو كردووە و لەزیندانندا ماون لەبەرئەوەی توانای گەڕانەوەی ئەو بڕە پارەیەیان نیە لە حوكمەكانی ئەم یاسایە سوودمەند دەبن بەم مەرجانەی خوارەوە:

**یەكەم:** دانانی بارمەتەیەك لەسەر موڵكێك یان چەند موڵكێك كە بەهاكەی لایەنی كەم ئەوەندەی بڕە پارەكە بێت.

**دووەم:** گێڕانەوەی ئەو بڕە پارەیەی بۆ بكرێتە قیست بەپێی ئەحكامەكانی یاسای جێبەجێكردن و، لە بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێكردن جێبەجێ دەكرێت.

**ماددەی ( ٨ ):**

ئەو تاوانانەی خوارەوە سزاكانیان بە ڕێژەی ٢٠٪ لە كۆی سزا ئەصلیەكە كەم دەكرێتەوە:

**یەكەم:** بازرگانیكردن بە ماددەی هۆشبەرەكان.

**دووەم:** دەست درێژی سێكسی و نێربازی.

**ماددەی ( ٩ ):**

لێبوردنی گشتی ئەو تاوانانەی خوارەوە ناگرێتەوە:

**یەكەم:** ئەو تاوانانەی لەسەر یاسای پاراستنی بیانیان و ئەوانەی لەگەڵ ڕێكخراوەكانی نەتەوە یەكگرتووەكان و ڕێكخراوەكانی مرۆیی كار دەكەن لە هەرێمی كوردستان ژمارە (٦)ی

ساڵی ١٩٩٢ و یاسای سزادانی حیازە و دروست کردن و بەکارهێنانی تەقەمەنی ژمارە (٨)ی

ساڵی ١٩٩٢ و یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٦ی هەموارکراودا،

هاتوون.

**دووەم:** ئەو تاوانانەی بە ئاسایشی ناوخۆ و دەرەوەی هەرێم گرێدراون.

**سێیەم:** بازرگانی کردن بە دەرمان و خۆراکی بەسەرچوو.

**چوارەم:** بەرتیل و ئیختیلاس و ئەو تاوانانەی بە سامانی گشتی پەیوەستن و تاوانەکانی گەندەڵی هاتوو

لە ماددەی (یەکەم/ بڕگەی حەوتەم) و ماددەی (١٤) و ماددەی (١٥)ی یاسای (دەستەی

دەستپاکی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١١ی هەموارکراو).

**پێنجەم:** تقلید و تەزویرکردنی دراو و کاغەزی پارە و بانکەنۆت (السندات المالیە).

**شەشەم:** زینای مەحارم.

**حەوتەم:** تاوانەکانی بەقاچاغ بردنی شوێنەوارەکان.

**هەشتەم:** تاوانی رفاندن کە بەهۆیەوە ون بوون یاخود مردن یان ناتوانایی جەستەیی و عەقلی

قوربانیەکەی لێ دەکەوێتەوە.

**نۆیەم:** حوکم دراوە گەراوەکان لەسەر تاوانی بە ئەنقەست و هەڵاتوان لە زیندان.

**دەیەم:** دەستدرێژی سێکسی و ئەشکەنجەدانی منداڵ.

**یازدەیەم:** بازرگانی کردن بە مرۆڤ.

**دوازدەیەم:** کوشتنی اصول و فروع بە ئەنقەست.

**سێزدەیەم:** کوشتنی ئافرەت بەبیانوی شوشتنەوەی نامووس.

**چواردەیەم:** کوشتنی زانایانی ئایینی و رۆژنامەنووسان بە ئەنقەست.

**ماددەی (١٠):**

هەر کەسێك لە حوکمەکانی ئەم یاسایە سوودمەندبوو بێت لە ماوەی (٥) ساڵ لـە ڕۆژی دەرچـوونی ئەم یاسایە تاوانێکی بە ئەنقەست ئەنجام بدات ، ئەو حوکمەی بەسەردا دەسەپێنرێتەوە کە بەهۆی یاسای لێبوردن وەری نەگرتووە، بۆ ئەوانەش لە قۆناغی دادگـایی کـردن بـەر لێبـوردن کـەوتوون دووبـارە لەسەر تۆمەتی پێشووش ڕێ و شوێنی یاسایی بەرامبەریان دەگیرێتە بەر.

**ماددەی (١١):**

**یەکـەم:** ئەحکامـەکانی ئـەم یاسـایە جێبـەجێ دەکرێـت بەسـەر حوکمـدراو و تۆمـەتباران بـە تاوانـە سەربازییەکان بەپێی یاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٠٩ و یاسای سزادانی سەربازی ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ بەرکار لە هەرێمی کوردستان حـوکم دراون یان تۆمەتبارن.

**دووەم:** لە هەر دادگایەکی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و دادگای سەربازی لیژنەیەك پێك دێت لە دوو دادوەری ئەم دادگایانە و داواکاری گشتی بەمەبەستی جێبەجێکردنی ئەحکامەکانی ئەم یاسایە.

**ماددەی (١٢):**

**یەکەم:** بە مەبەستی جێبەجی کردنی ئەحکامەکانی ئەم یاسایە لیژنەیەك یان زیـاتر لـە هـەر ناوچـەیەکی تێهەڵچوونەوە لە هەرێمدا بە سەرۆکایەتی دادوەرێـك کـە پلەکـەی لـە پلـەی دووەم کـەمتر نەبێت و ئەندامیەتی هەر یـەك لـە نوێنـەری وەزارەتـەکانی داد و نـاوخۆ و کـار وکاروبـاری کۆمەڵایەتی و دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ و سەرۆکایەتی داواکاری گشتی پێك دێـت و، هەر لایەنێك نوێنەرانی خۆی کاندید دەکات بۆ جێبەجێ کردنی ئەحکامەکانی ئەم یاسایە.

**دووەم:** ئەو بڕیارانەی بەپێی ئەم یاسایە لەلایەن لیژنەکـەوە دەردەچـن و لەلایـەن ئەنـدامی داواکـاری گشتی یان لەلایەن کەسانی پەیوەندیدار (زەرەرمەند)ەوە لـە مـاوەی (٣٠)ی ڕۆژدا لـە ڕۆژی دەرچوونیەوە لە تاوانەکانی جینایـات شـیاوی تانەلێـدانن بـە شـێوەی پێداچـوونەوە (تـەمییز)

لەبەردەم دادگای پێداچوونەوەی هەرێم و لە تاوانەکانی کەتن و سەرپێچی شیاوی تانە لێدانن لەبەردەم دادگای تێهەڵچوونەوە بەسیفەتی پێداچوونەوە و ئەو بڕیارانەی کە دەردەچن بەبنبڕ دادەنرێن.

**سێیەم:** دەبێ لیژنەکانی تایبەتمەند بە جێبەجی کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە ماوەی (توقیف) کردنی ئەم کەسانەی کە ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە ئەژماربکات.

**چوارەم:** لیژنە کارەکانی خۆی لە ماوەی هەشت مانگ لە بەرواری دەست پێ کردن بە کارەکانییەوە تەواو بکات و، بە تەواو بوونی وادەکە لیژنەکە بە هەڵوەشاوە دادەندرێت.

**پێنجەم:** دوای تەواوبوونی ماوەی یاسایی لیژنەکە، ئەم کارانەی کە لە لایەن لیژنەکە ئەنجام دەدرا دەسپێردرێت بە دادگای تاوان لە پارێزگاکان بۆ جێبەجێ کردن و بڕیاری ئەم دادگایانە شیاوی تانە لێدانە لە بەردەم دادگای پێداچوونەوە (تمییز)ی هەرێم.

**ماددەی (١٣):**

پێویستە لەسەر دادگای پێداچوونەوە (التمییز) و دادگاکانی تێهەڵچوون (الاستئناف) و دادگاکانی تاوانەکان (الجنایات) لە هەرێمی کوردستان، ڕاستەوخۆ حوکمەکانی ئەم یاسایە لەسەر ئەو دۆسیانەی بە سیفەتی پێداچوونەوە لەبەر دەستیانە لەکاتی دەرچوونی ئەم یاسایەوە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی (١٤):**

حوکمەکانی ئەم یاسایە تەنها ئەو دۆسیە و تاوانانە دەگرێتەوە کە پێش دەرچوونی ئەم یاسایە ڕوویانداوە.

**ماددەی (١٥):**

پێویستە ئەنجومەنی دادوەری لە هەرێم ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە لە ماوەیەکدا کە لە (حەوت ڕۆژ) لە بەرواری کار پی کردنییەوە تێپەر نەکات ، دەربکات.

**ماددەی ( ١٦ ):**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی ( ١٧ ):**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

## هۆیەکانی دەرچوواندن

لە پێناو دووبارە دەرفەت پێدان بە سزادراوان بۆ گەڕانەوە بۆ ناو گۆمەڵگەو وە دەست پێکردنەوەی ژیانی ئاسایی، بە لەبەر چاوگرتنی ئەو دۆخە قەیراناویەی هەرێمی کوردستان پێدا تێدەپەڕێت و، بڵاوکردنەوەی گیانی لێبوردەیی و چاکسازی و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی، ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

**بێگەرد دلشاد شكرالله**
**سکرتێری پەرلەمانی کوردستان - عیراق**

**جعفر إبراهیم ئیمینکی**
**جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان - عیراق**

**یوسف محمد صادق**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان - عیراق**